www.kurdistannet.org
13-2-2007 21:49 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## حکومەتی کەمالیات و شوقەکانی زەکەریا ... ئیبراهیم ئیسماعیل عەباس

hiwaabas@yahoo. com

گەر بەڕوانگەو دیدی هەڵسەنگاندنەوە سەیری هەردوو دیوی دەرەوەو ناوەوەی کارە ئەنجامدراوەکانی حکومەتی کوردستان بکەین، لەو ڕۆژەی مەترسی بەعس بەهۆی ڕووخانیەوە لەسەر کوردستان نەماوە، هاوکات لەگەڵ ئەو ڕێکەوتەشدا پارەیەکی بێی شوومارو خەیاڵی بەسەر کوردستاندا هەڵڕژاوە، غەدرێکی گەورە دەکەین کە بەچاوی بوژانەوەو گەشەسەندنی کوردستان و بنیاتنانەوەی سەرخان و ژێرخانی ئابووری وڵاتێکی وێرانکراو لێیان بڕوانین! وەلێ بەپێچەوانەی خواست و داوای خەڵکی لەجیاتی کاری تۆکمەو جەوهەری هەموو کارە کراوەکانی حکوومەت لە جوانکاری (کەمالیات) تەنها بۆ ناوەندی شارەکان بەکارهاتووە!.

بەهەدەردانی هەموو توانا هەمەجۆرەکانی حکومەت بۆ چەند بازرگان و سەرمایەدارێکی هاوپشک و برابەشی خۆیان بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی بەکاربەر بەهۆی ئەو هەموو هوتێل، موتێل، بازاڕی هاوچەرخ، سۆپەڕمارکێت، چێشتخانەو ڕیستۆرانت، باڵەخانەی چەند نهۆمی، هێنانی ئەوهەموو کۆمپانیایە فرۆشتنی ئوتۆمبیل و هەموو جۆرە کاڵا تەکنەلۆژییەکان، و دەیان شتی تری لاوەکی. تەنها حکومەتێکی کەمالیاتیمان پێی دەناسێنن. لەکاتێکدا ئەوانە نەک هەر کاری سەرەکی حکوومەت نین، بەڵکو لەو هەلومەرجەی ئێستادا کە بەقەد وێران بوونی ژێرخانی ئابووری دەروونی مرۆڤەکان وێران کراوە، قسەیەکی زیادە نییە گەر بڵێم هەر کاری حکومەتیش نین!؟.

ئاخر بێی ویژدانێکی گەورەیە کارە جوانکارییەکانییەکانی حکوومەت کە خۆی لە کردنەوەی بازاڕو سۆپەڕمارکێت و ئوتێلەکان دەبینێتەوەو تەنها چینێکی کەم لەکۆمەڵگادا کەئەوانیش خواپێداوانن!! تیایدا بەهرەمەند دەبن، بەگەشەسەندن و ئاوەدانکردنەوەی وڵات ناوزدی بکەین. ئێمە ئەوەندەی پێویستیمان بەدامەزراندنی کارگەو بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و هەموو بوارەکانی تری بوژانەوەی توانا ئابوورییە خۆماڵییەکان هەیە، لەهەمووشی گرنگ تر کردنەوەی قوتابخانەی پیشەیی بۆ فێرکردنی کار بەشێوازێکی سەردەمیانە هەیە، نیو هێندە پێویستیمان بەو بۆ ئاسمان چوونەی بازارە هاوچەرخ و ڕیستۆرانت و ئوتێلە شەش ئەستێرە بەکاربەرەکان نییە!. منیش دەرک بەو ڕاستییە دەکەم کە بۆ بنیاتنانی وڵاتێکی هاوچەرخ وەکو زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی دونیا، پێویستیمان بە بونیاتی ئەو ئاڕاستەیەش هەیە، بەڵام. . ئەگەر ئەو کارانە سەرمایەدارەکان خۆیان پێی هەستن نەک حکومەت زەوی و پارەی بەتاڵان براوی خەڵکی کوردستانیان بەقورگ دابکات!؟؟. بەش بەحاڵی خۆم هەرگیز باوەڕم بەوە نییە جگە لەشەراکەت و هاوپشکی و برابەشی، هیچ مەرام و هۆکارێکی دی. . . سەرۆکی حکوومەت بەخۆی و جێگرو وەزیرە بەڕێزەکان هاوشان لەگەڵ ئەو دەیان ماشینە ڕاگەیاندنە دەهۆڵییە بینراوو بیستراوو خوێنراوانە بۆ کردنەوەی بازاڕێک، ئوتێلێک، سوپەڕمارکێتێک، دوای سەدان ئاسنکاری حکومەت، بۆ جێگایەکی لەم جۆرە بەرێت!! تەرخانکردنی کاتی زێڕینی سەرۆکی حکومەت جگەلە دەیان و سەدان ئاسنکاری دارایی و ئیداری و تەشریف بردنی لەکاتی کردنەوەی ئەو پڕۆژە بەرخۆری و بەکاربەرە ئێکسپایەرانەدا، ڕیکلامێکە بێی ئەوەی هاووڵاتی دەرکی پێی بکات، زۆر بەهەرزان دەرخواردی مێشک و دەروونی دەدرێت، بەڵام دەبێت بەگران نرخ و باجەکەی بدات.

ئەوەی لەم نێوەندەدا لەهەمووی سەیرترە! سیاسییەکان بۆ پەیدا کردنی هەڵسوڕێنەرێک بۆ کارە ئابوورەییەکانی خۆیان، شێوازێکی ناوازەیان داهێناوە! هەر لەخوا دەخوازن کەسێک تۆزە ناوێک یان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سەرماییەکی ڕەمزی لەکۆمەڵگا هەبێت، ئەوا بێی سێ و دوو هەموو دەسەڵات و پارەیەکی دەقەبەڵ دەکەن، تا لەپڕۆژە خێراکانییان، پارەیەکی زۆرتریان پێی پەیدا بکەن.

هونەرمەند زەکەریا عەبدوڵا یەکێک بوو لەو کەسانەی لەبەرزتری ئاستی سیاسیی و حکومی بۆ هەمان مەبەست بەکار برا. دەسەڵات هەر ئەوەندەی بۆی دەرکەوت سامانە ڕەمزییەکەی زەکەریا بەهۆی خۆشەویستی لەناو خەڵکدا، بۆ مەبەستی بازرگانی (ڕووتاندنەوەی خەڵکی) دەست دەدات، یەکسەر پڕۆژەی گەوەرەی لەبابەتی شوقەی نیشتەجێ بوونی لەشارە گەورەکانی کوردستان بەناووەوە دروستکرا. خەڵک ئێستاش بەتەواوی بۆی لێک نادرێتەوە، ئەرێ بەڕاست ئەو فاکتەرە چی بوو لەپرێک زەکەریا عەبدوڵای لەهونەرمەندێکی دەنگ خۆشەوە بەبازگان و قۆنتەراتچیەکی گەوەرە وا بەخەڵک ناسێنرایەوە؟! با ئەو واقیعە لەلایەک دانێن. بەڵام ئەوەی کەجێگای پرسیارە، سەرەڕای ئەو هەموو ڕێکلامە زۆرەی نزیکەی دووساڵە لەسەر شاشەی کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردستان بۆ فرۆشتنی شوقەکانی ناز سیتی (شوقەکانی بەڕێز زەکەریا) بەدی دەکەین، بەڵام دەڵێ ئەو شوقانە نافرۆشێن! ئاخر لەجیاتی کۆتایی هاتنی ڕیکلامەکان، ڕۆژ بەڕۆژ ڕیکلامەکان خێرا تر دەکرێن! زانیمان شوقەکانی (ناز سیتی) لەخۆشترین شوێنی شارو بەهەموو خزمەتگوزارییەکەوە ئامادەن، بەڵام ئەی بۆ هێشتا خەڵک ئامادەنییە بیانکرێت، هەربۆیە لەداهێنانێکی بێی وێنەدا بەچاو قایمێکی زۆرەوە، تەنها لەپێناو فرۆشتنی ئەو (700) شوقەیەدا، ماوەیەکە لەڕیکلامەکاندا داوای پێدانی کارەبای (24) کاتژمێر لەشەوو ڕۆژێکدا بەفرۆشیار دەدرێت!؟.

وەنەبێت ئەو سەرنجە لەپێشینەیەکی مێژوویی بەدەربێت. چونکە زیاد لەساڵێکە ڕیکلام بۆ شاری خەونەکانی هاوسێ و دەستە خوشکی ناز سیتی ناکرێت! کەپێی دەچێت ئەو شارە فرۆشتنی کۆتایی هاتبێت و شوقەکان بێی خاوەن و بێی کریار مابنەوە!!.

لەڕاستی جەسارەتێکی گەورەیە لەو بێی کارەبایەی ساڵانێکە خەڵکی بەدەستییەوە دەناڵێنێت، لەڕیکلامدا بۆ فرۆشتنی شوقە موژدەی کارەبای (24) دەمژمێری بەکڕیار بدرێت!!! ئەوە لەخزمەتگوزارییەکانی تر هەر گەرێ. ئاخر ئەگەر ئەمە مایەی شکستی کارو ستراتیژی حکوومەتە کەمالیاتەکەمان نەبێت، ئەوا مایەی گاڵتە جاڕییە کە کەمتر لە (700) شوقە لە خۆشترین شوێنی شاری هەولێر لە شارێکی نیوە کرێچی وەکو هەلێر بەدووساڵ ڕیکلامی چڕو پڕ نەفرۆشرێن!؟.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: خەڵک بەچی شوقەیەکی پتر لە (100) هەزار دۆلاری لەکاکە زەکەریا بکرێت؟!! مەگەر بەو کەسانە بکرێن، کەساڵانەو مانگانە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران زەوی باران دەکرێن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.